

# نەریمان عومەر: لە بەهاری ئەم ساڵدا بۆ ت...

**نەریمان عومەر لە خێزانێکی هونەری شاری سلێمانی پەروەردە بووە، لە سەرەتای نەوەدەکان یەکێك بوو لەو هونەرمەندانەی کە لە کوردستان بە چەندین گۆرانی، بوو بە خاوەن جەماوەرێکی زۆر و گۆرانییەکانی بڵاوبوونەوە، دواتر رووی لە هەندەران کرد و لەو کاتەوە وەك پێویست لە بواری هونەری گۆرانیدا بوونی نەبوو، بەڵام ئێستا لە خۆ ئامادەکردندایە بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمێکی نوێ.**

**• ئەگەرچی ناتوانین بە دابڕانیشی ناو بنێین، بەڵام ماوەیەکە وەك پێویست بەرهەمت نییە، هۆکاری ئەم دوورکەوتنەوە چییە؟**

- هۆکاری سەرەکیی دابڕانی من نەگونجاوی کاتەکەیە، من لێرە خەریکی پەیدا کردنی بژێوی ژیانی رۆژانەم، هەروەها ئەوەی جێی سەرنجە و هەموو لایەك هەستی پێدەکەن زۆربەی برا موزیکژەنە کوردەکان و ئەوانەی ستۆدیۆیان هەیە لە ئەورووپا روویان کردۆتە سوید و لە هۆڵەندا زۆر بە دەگمەن دەست دەکەون، منیش ئەو کاتەم بۆ نەڕەخساوە بۆ ئەوەی بتوانم بچمە سوید بۆ تۆمارکردنیان، بەڵام لێرەوە بە جەماوەری خۆم دەڵێم لە بەهاری ئەم ساڵدا پەنا بە خوا دەگەڕێمەوە کوردستان بۆ تۆمار کردنی بەرهەمی نوێ.

**• کەواتە دەتوانین بڵێین بەرهەمی نوێت پێشکەشی جەماوەر دەکەیت؟**

- بەڵێ بەرهەمی نوێم لە سێ تراك پێکهاتووە، یەکیان گۆرانییەکی دەهۆڵییە و دوانی تریش لەسەر ریتمی هێواشن کە لە ئاوازی منە و تێکستەکانیش هی من و ئەحمەد محەمەدە، لە گەڕانەوەی ئەم جارەم تۆماریان دەکەم و بە کلیپیش بڵاویان دەکەمەوە.

**• ئەو کەسەی روو لە هونەر دەکات بە عیشقەوە تێکەڵ بە هونەر دەبێت و بە کارە پێشینییەکانی خۆی دەزانێت، تۆ کە لە سەرەتای نەوەدەکان خاوەن جەماوەرێکی زۆر بوویت، پێتوایە جەماوەر بە هەمان شێوە تامەزرۆیە بۆ بەرهەمەکانت و بە هەمان شێوە پێشوازییان لێدەکات؟**

- راستە وەك بەرهەمی هونەری دوورم، بەڵام ئەو هونەرە لە ناخمدا هەر بە هەمان شێوە ماوەتەوە، بەڵام ناتوانم بڵێم دابڕاوم. راستە من نەمتوانیوە وەکو پێویست بەرهەمی نوێ پێشکەش بکەم ئەمەش لەبەر نەبوونی کات و دەرفەتی گونجاو بووە، چونکە بەرهەمم ئامادەیە بۆ ئەوەی بڵاوی بکەمەوە و کاری لەسەر بکەم، سەبارەت بە دابڕانیش من لە ساڵی ١٩٩١ تا ١٩٩٧ واتە ئەو کاتەی چوومە هاندەران بەرهەمم هەبووە، لە دوای ١٩٩٧یش بە حوکمی ئەوەی بەرهەمی نوێم نییە و لە شاشەکاندا وەکو پێویست دەرنەکەوتووم رەنگە ئەو نەوەیەی لەو ماوەیە لە دایك بووە نەزانێت نەریمان عومەر کێیە؟ ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی وەك هونەرمەند لە نەوەیەك داببڕێم.

**• جگە لە جیاوازیی بارودۆخی کوردستان بە گشتی هونەری ساڵانی دوای راپەڕین لەگەڵ هونەری ئێستا چ جیاوازییەکی هەیە؟**

- جیاوازیی زۆرە، بچووکترین نموونە ئەگەر باس لە تۆمارکردنی گۆرانییەکان بکەین، رێکۆردێکی (ئاکای)مان دەهێنا لەگەڵ زەربێك و سازێك و دەفێك گۆرانییەکمان تۆمار دەکرد و هەرچۆنێك بێت کاسێتەکەمان بڵاودەکردەوە، بەڵام ئێستا سەرەڕای پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا ئەوا هونەرمەندی موزیکژەن و کەسانی رۆشنبیر و شارەزایانی بواری تۆمارکردن لە کوردستان زۆرن، ئەمەش جیاوازییەکی بەرچاوە.

**• ئەمە سەبارەت بە لایەنی تەکنیکی و تەکنۆلۆژیا، ئەی هونەر هەمان رۆحیەتی ئەو کاتی ماوە؟**

- نەخێر ئەمەش بە ئاشکرا دیارە کە ئەو رۆحیەتە ئێستا لە هونەردا بە دی ناکرێت، هونەرمەند ئەو کات لە رۆحەوە گۆرانی دەگوت و لەنێو دڵ و ناخی ئەو جەماوەرە دەژیا کە گۆرانی دەگوت و هەستی دەکرد کە جەماوەر پێویستی بە چییە، من رێزم هەیە بۆ هونەرمەندە لاوەکان ئەوانیش خاوەن ستایل و جەماوەری خۆیانن، بەڵام هیوادارم لە کلتوور و فەرهەنگی کوردی دەرنەچن و شێوازی نوێی ئەوتۆ نەهێننە نێو هونەری کوردییەوە کە رەسەنایەتی خۆی لە دەست بدات، بەڵکو با کارێك بکەن هونەرەکەیان مۆرکی کوردی پێوە دیار بێت.

**• چ تێبینیەکت لەسەر هونەرمەندە گەنجەکان هەیە؟**

-ناتوانم گلەییان لێبکەم لەبەر ئەوەی جەماوەری خۆیان هەیە و کەسانێکن بەشی خۆیان ماندووبوون و بەشێکیان لە ئاستێکی باشدان و کاری هونەری جوان پێشکەش دەکەن و جێگای رێزن، هیوادارم ئەم هونەرمەندە گەنجانە هەوڵ بدەن زیاتر ئاوازی کوردی بەکاربهێنن و گۆرانییە فۆلکلۆریەکان نوێ بکەنەوە، هەروەها کلیپەکانیان لە ئاستێکدا بێت کە نەبێتە مایەی رەخنە و بێزاری خەڵك یاخود تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای کوردەواری رەچاو نەکات.

*** بەڵام کەسانێك هەن دەڵێن ئێمەش وەك هەموو گەلان هەموو جۆرە هونەرێکمان پێویستە، تۆ لەم بارەیەوە چی**



# ـــۆمار كردنی بەرهەمی نوێ دەگەڕێمەوە كوردستان



دەڵێیت؟

- ئەمە شـــتێكی راستە ئێمە ئێستا لە ساڵی ٢٠١٣ داین ئەگەر شێوازێكی هونەری نوێ بێتە نێو هونەری كوردییـــەوە ئێمە پێمان ئاســاییە، بەڵام بەشـــێوەیەكی جوان و رێكوپێك و نەبێتە هۆی شـــێواندنی كلتووری كوردی.

*** هەست دەكەیت وەك نەریمان عومەر مافت خوراییت؟**

-من تا ئێستا هیچ هاوكارییەكم لە هیچ لایەنێك وەرنەگرتووە نە حكومی نە هیچ حزبێك، من خۆیشم داوام لە كەس نەكردووە، ئەو كاتی كە ئێمە گۆرانیمان دەگوت هەموومان هیلاك و ماندوو دەبووین لە تۆمار كردنەوە تـــا هێنانی ئەو موزیكژەن و كار كردنی بەردەوام بۆ ماوەی چەند شـــەوێك تا دەمانتوانی كاســـێتێك بڵاو بكەینەوە، جگە لەمە خەرجییەكەیشی هەمووی لە گیرفانی خۆمان بوو و ئێمە دابینمان دەكرد، تا ئێستا هیچ لایەنێك بە هیچ شێوازێك ئاوڕی لە من نەداوەتەوە، من خۆیشم هیچم داوانەكردووە .

*** لەكاتی گەڕانەوەت بۆ شـــاری ســـلێمانی چ تێبینیەكت لا دروست بووە لەلایەنی هونەرییەوە؟**

- لە دوای ئێمە ژمارەیەك دەركەوتوون و كاری باشـــیان ئەنجامداوە كە شـــایەنی ئەوەیە باس بكرێن، چەند بەرێزێكی دیكەش هەن بەگوێرەی توانای خۆیـــان كاریان كردووە و بەرهەمیان پێشـــكەش كردووە جا باش بێت یان خراپ، بەڵام ئەوانیش خاوەنی جەماوەری خۆیانن، بەشێوەیەكی گشـــتی دەتوانم بڵێم بەرەو پێش چووە و هیوادارم زیاتـــر پێش بكەوێت و بەرەو پێشـــەوە هەنـــگاو بنێت و ئەو هونەرمەندانەش پێداچوونەوە و هەڵســـەنگاندنی كارەكانی خۆیـــان بكەن و بزانن تا چ ئاســـتێك شـــایەنی ئەوەن بڵاوبكرێنەوە و لە كەناڵەكان نیشان بدرێن.

***كەناڵـــە كوردییـــەكان بە هەموویـــان (حزبی و حكومی و ئەهلی و سەربەخۆكان) ئایا هۆكارێك بـــوون بۆ پێشـــكەوتنی هونەری كـــوردی یان هۆكاری نمایشـــكردنی بەنـــاو هونەرێكن كە هیچی بەسەر هونەری كوردییەوە نییە؟**

- من خاوەن چەندین ڤیدیۆ كلیپم كە كاتی خۆی لە كەناڵە لۆكاڵییەكان نمایش كراون، بەڵام لەو كاتەوەی هاتوومەتە هەندەران هیچ گۆرانییەكی خۆم لە كەناڵەكانی (كوردســـتان تیڤـــی، زاگـــرۆس، كوردســـات) نەبینیوە و پەخشـــیان نەكردووە ونازانم هۆكارەكەی چییە.

## بەهار حوسێنی-ی شاعیر:

# ئەو شاعیرانەی دەتوانن لە شێوازدا داهێنان بکەن تەمەنی شیعریان درێژتر دەبێتەوە

**ساڵی ١٩٨٣ لە شاری سەقزی رۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووە، هەڵگری بڕوانامەی بەکالوریۆسە لە زمان وئەدەبیاتی فارسی، هەرچەندە بەهار حوسێنی وەك شاعیر ناسراوە،بەڵام بڕوانامەی سینەمای لاوانی ئیرانی لە بواری وێنەگری هەیە، زۆربەی شیعرەکانی دەچنە خانەی شیعری ئازادەوە و لەو دیمانەیەدا باس لە پێوەندیی نێوان شیعر و تێکستی گۆرانی دەکات.**



*** زۆر جار گۆرانیبێژان باس لەنەبوونی شیعری گۆرانی دەکەن، پێتوایە ئێمە لەم بوارەدا گرفتمان هەبێت و ئەگەر هەیە چارەسەری چۆن دەبێت؟**

- بە رای من ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ شێواز و ستایلی گۆرانیبێژەکە. بۆ نموونە ئێمە دەبینین هونەرمەندێکی وەک «عەدنان کەریم» کە لە ستایلی مۆسیقای سوننەتی ورەسەن دا کار دەکات، بۆ شیعری گۆرانییەکانی پەنا دەباتە بەر شیعری شاعیرانی کلاسیک و لەم بوارەشدا ئێمە ئەدەبێکی دەوڵەمەندمان هەیە و پێم وا نییە کەسانێک کە بەم ستایلە کار دەکەن زۆر کێشەیان هەبێت. دەستەیەکی دیکە ئەو گۆرانیبێژانەن کە بە ستایلگەلی نوێتر گۆرانی دەڵێن، ئەم جۆرە کەسانە پێویستیان بە جۆرێک دەقی گۆرانییە کە زیاتر لە کێشی بڕگەییدا بێت و وەک شیعری کلاسیکیش خاوەنی سەروا بێت، بۆ ئەوەی لە کاتی گۆرانی گوتندا چێژی زیاتر بدا بە بیسەر. ئێمە لەم بوارەشدا ئێستا چەند کەسێکمان هەیە کە دەنووسن، بە گشتی ئەوەندەی من بزانم، لە هەموو شوێنێک و لە نێو هەموو نەتەوەیەکدا، کەسانێک هەن کە تایبەت کاریان ئەوەیە دەقی شیعری بۆ گۆرانی دەنووسن بۆ وێنە لە نێو فارسەکاندا پێیان دەڵێن «ترانە سرا» واتا «بەستە نووس». ئەوە هێشتا لە نێو کورددا نەبۆتە باو کە کەسانێک بێن و بەتایبەتی لەم بوارەدا کار بکەن و تەنیا تێکست بۆ گۆرانی بنووسن. من بۆیە ناڵێم شیعر بۆ گۆرانی، چونکە دەکرێت ئەوەی بۆ گۆرانی دەنووسرێت و گۆرانیبێژ دەیلێت، شیعر نەبێت بەڵام بۆ گۆرانی بشێت.

*** تۆ لەگەڵ شاعیرێك کە تەنیا تێکستەکانی زیاتر بۆ گۆرانی وتن سوودیان لێ وەردەگیرێت چ جیاوازییەکتان هەیە؟**

-وەک باسم کرد لە لای ئێمە چ لە ستایلی مۆسیقای رەسەندا و چ لە ستایلە نوێیەکاندا، کێش و سەروا گرنگییەکی زۆری پێ دەدرێت، واتا گۆرانیبێژەکانی ئێمە کەمتر خۆ لەو دەقە شیعرییانە دەدەن کە کێش و سەروایان نەبێ. ئەوەش پێم وایە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی شیعری نوێ یا شیعری ئازاد کە شیعرەکانی منیش دەچنە ئەو خانەیەوە، پێویستە زیاتر خۆیان پێوە ماندوو بکەن بۆ ئەوەی ئاوازی لەسەر دابنێن و بە گۆرانی بیلێن. چەند ساڵێکە ژمارەیەک هونەرمەندی کورد روویان کردۆتە ئاوازدانان لەسەر شیعری ئازاد و بەرهەمی زۆر سەرکەوتووشیان داهێناوە. بە گشتیی جیاوازیی نێوان ئەو جۆرە شیعرەی من دەینووسم لەگەڵ تێکستی گۆرانی، لە دوو ئاستدایە، ئاستی فۆرمی کە وەک باسم کرد بە پێچەوانەی تێکستی باو بۆ گۆرانی لە شیعری مندا کێشی شیعر رواڵەتی نییە و زیاتر لە نێو شیعر و پێکهاتەی گشتیی شیعرەکەدایە و لە لایەکی دیکەوە کەمتر کەڵک لە سەروا وەردەگرن. ئاستی دووەمی جیاوازییەکە ئاستی ناوەڕۆک و شێوەی دەربڕینی مانایە. ئەو تێکستانەی بۆ گۆرانی دەنووسرێن، زۆربەیان دەربڕینێکی زۆر سادە و ساکاریان هەیە کە هەموو کەس لێی تێدەگات و زیاتریش دیمەنێکی سادەی ژیان کە رەنگە رۆژانە هەموومان بیبینین بەرجەستە دەکاتەوە، بەڵام لە دەقی شیعریدا شێوەی روانین و گوزارشت کردن لە جیهانی شاعیر

جیاوازی هەیە لەگەڵ روانین و دەربڕینی خەڵکی ئاسایی.

***پێتوایە شاعیرە پیاوەکان جگە لە غەزەل و باس کردنی لایەنە غەریزییەکانی تایبەت بە ئافرەت، ئایا وەک شۆڕشگێڕێک وێنای ئافرەتی کوردیان کردووە لە شیعرەکانیاندا؟**

- بەڵێ. لە شاعیرانی کلاسیکی ئێمە، کەسانێکی وەک هێمن و قانع و هێدی و چەندین کەسی دیکە ئەو کارەیان کردووە. بۆ وێنە شیعری «ئەختەر کچە کوردی چاومەست»ی مامۆستا هێمنی مهابادی نموونەیەک لەم جۆرە شیعرەیە. لە شاعیرانی نوێخوازیش ژمارەیەک لە شاعیرانی کورد لە حەفتاکان و هەشتاکاندا ئەو کارەیان کردووە، بۆ نموونە شێرکۆ بێکەس و عەبدوڵڵا پەشێو و لەتیف هەڵمەت و رەفیق سابیر و چەندین شاعیری دیکە، وەک شۆڕشگێڕیش باسی ئافرەتیان کردووە. لە سەردەمی ئێستاشدا شیعری «کچە ئەویندارەکانی قەندیل»ی قوبادی جەلیزادە نموونەی ئەو جۆرە روانینەیە بۆ ئافرەت.

*** بۆچی بە دەگمەن شیعری ئافرەتان (بەتایبەتی شیعری ئەڤینداری) دەکرێتە گۆرانی جا لەلایەن ئافرەت یان پیاوی گۆرانیبێژەوە بێت؟**

- پێم وایە دەبێ ئەو پرسیارە لە گۆرانیبێژەکان بکەن.

*** زۆر جار باس لەوە دەکرێت کە هونەری گۆرانی وتن لە کوردستان لە قەیراندایە و هونەری بێگانە تێکەڵ بە هونەری کوردی کراوە، نەبوونی شیعر یاخود بڵێین تێکستی گۆرانی یەکێکە لە هۆکارەکانی ئەم بارودۆخە؟**

- نا بە بروای من ئەم دووانە پەیوەندییان بە یەکەوە نییە. بۆ نموونە گۆرانیبێژێکی کورد ئاوازەکەی لاسایی کردنەوەیەکی تەواوی گۆرانیی فارسی، تورکی یا عەرەبییە، چ پەیوەندییەکی بە بوون یا نەبوونی دەقی شیعرەوە هەیە؟ خۆ ئەو گۆرانیبێژانە لە ئەنجامدا هەر دێن دەقێکی کوردی دەڵێنەوە، بەڵام جگە لە دەقەکە و ئەو وشانەی دێتە سەر زاریان هیچ شتێکی دیکەی گۆرانییەکەیان کوردی نییە. کێشەکە لەوە دایە کە گۆرانی بێژەکانی ئێستا، شیعری کوردی و دەقی کوردی لە موزیکی تورکی و فارسی و عەرەبی موتوربە دەکەن و شتێک دەخوڵقێنن کە لە ئەنجامدا بە هیچ شێوەیەک ناتوانین پێی بڵێین مۆسیقای کوردی.

***یەکێک لە مەرجەکانی شیعری گۆرانی ئەوەیە کە گوزارشت لە هەستێکی ئینسانیی پاک بکات بەرامبەر بە هەر رووداوێک خۆشی بێت یان تراژیدیا، ئایا لەم بوارەدا شاعیرانی کورد تا چەند سەرکەوتوو بوون؟**

- من پێم وایە شاعیرانی ئێمە زۆر بە سەرکەوتوویی توانیویانە تەعبیر لە خۆشی و تراژیدیاکانی میللەتەکەیان بکەن، بەڵام ئایا ئاوازدانەرەکانمان توانیویانە ئاوڕ لەو شیعرە باشانە بدەنەوە و بیانکەن بە گۆرانی؟

***ئێستا هەست بە بوونی رەوتێک دەکرێت لەلایەن هەندێک لە ئافرەتە شاعیرەکان ئەویش ئەوەیە خۆیان لە جیاتی پیاو وەسفی جوانی و لەش و لاری خۆیان دەکەن و هەندێک جار زیاتر لە پیاوەکان، تۆ ئەمە بە جۆرێک لە جورئەت دەزانیت یان خوێندنەوەت بۆ ئەمانە چییە؟**

- بە رای من شاعیر بەر لە هەر شتێک دەبێت لە پێشدا لەگەڵ خۆی و پاشان لەگەڵ بەردەنگەکانی و خوێنەری شیعرەکانی راست بێت و درۆیان لەگەڵدا نەکات. شاعیر بۆی هەیە باس لە هەر شتێک بکات بە تایبەت باس لە خۆی و لەشی خۆی. بەڵام گرنگ ئەوەیە دەربڕینەکەی چەندە داهێنەرانە بێت. شاعیری ژن دەبێت روانینی بۆ جەستەی خۆی روانینێکی ژنانە بێت نەک لە روانگەیەکی پیاوانەوە و تەنیا وەسفی لایەنە سێکسییەکانی لەش و جەستەی خۆی بکات.

***ئایا لەشیعردا هەر شاعیرێک شێوازێکی تایبەت بەخۆی هەیە؟**

- نەخێر مەرج نییە، بەڵام ئەو شاعیرانەی بتوانن لە شێوازدا داهێنان بکەن و شێوازی خۆیان هەبێت، ئەوا تەمەنی شیعرەکەیان درێژتر دەبێتەوە. چونکە داهێنان لە هونەردا مەرجێکی زۆر سەرەکییە. بەڵام دەکرێت شاعیر لە شێوازدا داهێنەر نەبێت و لە سەر شێوازی نووسینی شاعیرێکی دیکەیش داهێنان بکات و بەرهەمی زۆر جوانیش دابهێنێت. بۆ وێنە هەتا ئێستاش بەشێکی زۆر لە شاعیرانی لاو نەیانتوانیوە لە شێواز و دەربڕینی شاعیرانی پێش خۆیان دابڕێن. کێ هەیە بڵێت رۆژێک لە رۆژان کاریگەریی شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسی بە سەرەوە نەبووە.




# گەڕانەوە بۆ ئاوەو پاشەکشێی پڕ لە مەترسی

## سینەمای کوردی لە ساڵی رابردوودا

موحسین محەمەد








هونەری سینەما لە کوردستان رووداوێکی کولتووری سەرسوڕهێنەرە، زۆر درەنگ پەیدا بوو، بەڵام بە خێرایی لە فیستیڤاڵە جیهانیەکاندا بڵاوبۆوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی زۆر کەس بڕوا نەکەن وەکو راستییەك، زۆرن ئەوانەی بڕوا بە ئاستی سینەمای کوردی ناکەن، بە هەڵدانەوەی لاپەڕەکان، چەندین کەسایەتیی هونەری و خاوەن بڕیار و نزیك لە بڕیار و راوێژکار بۆ بڕیار، دەبینین دانیان بەم داهێنانە نوێیەدا نەناوە، بێگومان هەر یەك لەو کەسایەتییانەش جۆرە پاساوێکیان هەیە. بەدیدی من هەر ئەو تێڕوانینانە بوون، لەم دوو سێ ساڵەی رابردوودا جۆرە فشارێکیان خستە سەر سینەمای کوردی. ئەوەی پێشبینی دەکرا بۆ ساڵی رابردوو بەسەر ئەم هونەرە نوێیەدا بێت، رێك وا دەرچوو کە دەخوازرا .

سینەمای کوردی وەکو کۆرپەیەك، بەبێ رابردوو لە قۆناغێکی زۆر گرنگ لە دایك بوو، ئەم کۆرپەیە توانی خۆی بگەیەنێتە فیستیڤاڵە جیهانییەکان و هونەری کوردی و ئازارەکانی گەلەکەی بە بینەرانی ئەو وڵاتانە ئاشنا بکات، نەك ئازاری قاچاغچیەکانی سەر سنوور، وەکو هەندێك سینەمای کوردی بەم شێوازە ناوزەد دەکەن . بێگومان سینەما لە کوردستان، چەشنی بوارە کولتووریەکانی دیکە بە پاڵپشتی حکومەت بەرهەم دەهێنرێت، بۆیە هەر لە سەرەتاوە تاوەکو ئەمڕۆشی لەگەڵدابێت، بێ پلان و بەرنامەی ستراتیژی کارەکە بەرێوە دەچێت. سینەما جیاوازیەکی زۆری هەیە لەگەڵ هونەرەکانی دیکە، بەڵکو دەتوانین بڵێین: سەخترین هونەرە کە لەسەر سێ کۆڵەگە، هونەر- پیشەسازی - بازرگانی دادەمەزرێ. ئەوی تێبینی دەکرێ وەزارەتی پەیوەندار لەگەڵ ئەو بڵاوبوونەوە خێرایە، بایەخێکی ئەوهای بەم سێ کۆڵەگە بنەڕەتییەی هونەری سینەما نەدا. بەداخەوە لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق تاوەکو راپەڕین حکومەتەکان بە هیچ شێوەیەك بایەخیان بە بەرهەم هێنانی هونەری سینەما نەدەدا لە کوردستان . لە رووی بازرگانییەوە، بواریان بە کەرتی تایبەت دەدا هۆڵی سینەما دروست بکەن، بێگومان ئەمەشیان بۆ ئامانجی تایبەتی خۆیان بوو، یەکەمیان بۆ بەگەڕختنی بازاڕی سینەمای عەرەبی بوو، دووەمیشیان بۆ ئاراستەکردنی جەماوەر بوو، لەگەڵ ئەم دوو ئامانجەشدا کەلێنێك بۆنمایشی فیلمی جیهانی کرابۆوە. لەم کێشە کلتووریەدا، بینەری کورد لە سینەما دابڕاو نەبووە، بەڵام

هونەرمەندی کورد بێ بەش بوو لە بەرهەم هێنانی فیلم. ئەم سیاسەتە کلتووریەش لەگەڵ جەنگی عیراق - ئێران و داگیرکردنی دەوڵەتی کوێت بەتەواوی رووی لە کزی کرد، بەهۆی ئابلۆقەی ئابووری لەسەر عێراق و دوو جاریش لەسەر کوردستان، دەرگای سینەماکان بەتەواوی داخران و زۆربەی هۆڵەکان بەتەواوی رووخێنران. لە دوای راپەڕین، بەرهەمهێنانی فیلم بە سیستەمی ڤیدیۆ و نمایشی ناسراو بە سکرین لە کوردستان پەیدا بوو چەندین فیلم دروستکران لەوانە : مەرگی ئەرخەوانی، خولە پیزە، گردی پیرۆز و چەندین فیلمی بازرگانی. هەرچەندە کوالیتی ئەو فیلمە سکرینیانە زۆر نزم بوون، بەڵام ئومێدێکی مەزنی بەخشییە هونەرمەندان و بینەران. بێگومان دامەزراندنی فەرمانگەکانی سینەما وەکو قەوارەیەکی هونەری و کارگێڕی سەربەخۆ دەستکەوتێکی مەزنی هونەری بوو بۆ هەمووان، بەڵام بەداخەوە وەکو ئەوەی چاوەڕوان دەکرا ئاوها نەبوو، کێشەکانی لە بری ئەوەی کەم بکرێنەوە و پێداویستیەکان زیاد بکرێن، چەندین کۆسپ و تەگەری نوێ هاتەبەردەم بەرهەم هێنانی سینەمایی. وەکو راستییەکی مێژوویی هونەرمەندی کورد توانی زۆر بەخێرایی پێشی سینەمای عەرەبی عیراقی بکەوێت و قەرەبووی ئەو زوڵمە بکاتەوە کە لەنەوەی پێشی خۆی کرابوو. فیلمەکانی: پەڕینەوە لە غوبار، شوێنێك بۆ یاری، هەرمان، ماندوو، سرتە لەگەڵ با، کیلۆمەتر زیرۆ، گەڕەکی داهۆڵەکان گەشتیان بە زۆربەی فیستیڤاڵە جیهانییەکاندا کرد، زۆربەیان چەندین خەڵاتی گرنگیان بەدەست هێنا.

بەدیدی من فیلمی کوردی ئەمڕۆ تەنیا لە فیستیڤاڵە جیهانییەکان بچێتە بەشی پێشبڕکێی سەرەکییەوە، سەرکەوتنێکی مەزنە بۆ کولتووری کوردی، بۆیە پێویستە وەزارەتی رۆشنبیری زۆر بایەخ بەم لایەنە بدات. بەداخەوە لەو سێ ساڵەی رابردوودا هونەری سینەما لە بری ئەوەی پاداشت بکرێت، کەوتە ژێر فشار و پەراوێزخستن لەوانە: سنووردارکردن و کەمکردنەوەی بودجەی فیلمەکان، بایەخ نەدان بە بەشدارانی فیستیڤاڵەکان، بایەخ نەدان بە تەکنیکی نوێ، بابەخ نەدان بە نۆژەنکردنەوە یان بنیاتنانی هۆڵی سینەمای نوێ، هەموو ئەو هۆکارنە بوونە هۆی ئەوەی سینەمای کوردی لە ساڵی رابردوو بگەڕێتەوە ناوەو دووچاری پاشەکشێیەکی پڕ لە مەترسی ببێت. لە ساڵی ٢٠١٢، بەڕێوەبەرایەتی سینەمای هەولێر سێ فیلمی تەواو کرد: فیلمی (کاوار) سیناریۆی، بیلال شاکر و پەرویز مستەفا و وشیار زێڕۆ، دەرهێنانی وشیار زێڕۆ، فیلمی (سێگۆشەی مەرگ) سیناریۆ و دەرهێنانی عەدنان عوسمان هەر یەکەیان لە سێ فیستیڤاڵ بەشداریان کرد و هەرهەموویان بەدەستی بەتاڵ گەڕانەوە. حەسەن عەلیش بە فیلمی (شیرین) گەڕایەوە ناوەوەی کوردستان، دەیان هەزار بینەری لە سلێمانی و هەولێر و کەلار راکێشایەوە ناو هۆڵی سینەما. بەڕێوەبەرایەتیی سینەمای سلێمانی فیلمی (دە چرکە) سیناریۆی ئاکۆ عەزیز و ئازاد باستان و دەرهێنانی ئاکۆ عەزیزی بەرهەم هێناو نمایش کرد. بێگومان فیستیڤاڵەکانی ناوخۆ لەبەر ئەوەی پێوەری جیهانیان نییە، ناکرێ فیلمەکانی ناوەوە بە پێوەری خەڵاتەکانی تەماشا بکەین. ئەوەی گرنگە، سینەمای کوردی پێویستە لە دوو ئاستدا بوونی خۆی بسەلمێنێت:

ئاستی یەکەم: پێوەری جەماوەرییە، ئاستی دووەمیش: پێوەری بەشداریکردن و بەدەست هێنانی خەڵاتە لە فیستیڤاڵە جیهانییەکاندا، ساڵی ٢٠١٢ بەداخەوە هەر هەموویان بەدەستی بەتاڵ گەڕانەوە. بەدەست هێنانی خەڵاتی کورتە فیلم هەرگیز نابێتە پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی سینەمای نەتەوەیەك یان ئاستی هونەرمەندێك، بەڵام ئەمەش دڵخۆشکەرە ئەگەر هونەرمەندێك بتوانێت بگاتە ئەو فیستیڤاڵانە، بەتایبەتی ئەوانەی پێوەری جیهانییان هەیە، وەکو کان و ڤینیسیا و قاهیرە . لەسەر ئاستی جەماوەریش، خۆشبەختانە ئەم ساڵ دەرهێنەر حەسەن عەلی توانی یەکێك لەم دوو ئاستە بپێکێت . لەسەر ئاستی بەشداری لە فیستیڤاڵە جیهانییەکاندا سینەمای کوردی وەکو پێویست نەبوو، گەڕانەوەی هونەرمەندان بە دەستی بەتاڵ جەختکردنەوەیەکی دیکەیە لەسەر ئەم پاشەکشێ پڕ لە مەترسییەی سینەما. گومانی ناوێت، ئەگەر کاری سینەما لە کوردستان بەم شێوەیە بڕوات رەنگە کۆرپەکەمان گەشە نەکات. لەبەر ئەم هۆکارە پڕ لە مەترسییە پێویستە بەرپرسانی ئەم هونەرە بزانن ساڵی دوو هەزار و سێزدە، بە هۆکاری پاشەکشێی ساڵی رابردوو، بەوەی کە لەسەرەتای ئەم وەرزە هەستی پێ دەکەین، رەنگە ببێتە بەدترین ساڵی بەرهەم هێنانی سینەمای کوردی.





# مەریەم پیربەندی: ئەگەر یەکسانی نەبێت ک

یەکێک لە ئافرەتە سینەماکارە ئێرانییەکان کە لە فیلمەکانیدا هەمیشە کێشەکانی ئافرەتان بابەتی سەرەکی بووە لە هەموو روویەکەوە و توانیویەتی زۆر بەباشی گوزارشت لە کێشە و مافەکانی ئافرەتی رۆژهەڵاتی بکات، سەرەڕای ئەوەی خوێندنی لە بواری سینەمایە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسە لە زانستە ئابوورییەکان، بەڵام بەهۆیی حەز و عەشقی بۆسینەما مەریەم پیربەند بەشداری کرد لە خولێکی سێ ساڵەی یەکێتی دەرهێنەرە گەنجەکانی ئێران و توانی بەسەرکەوتوویی بڕوانامەی سینەما بەدەست بهێنێت، ئەندامی ئەنجومەنی سینەماکارە گەنجەکانی ئێرانە، لە ساڵی ٢٠١٢ بەشداری لە یەکەم فیستیڤاڵی سینەمایی نێودەوڵەتی دهۆك و سێیەم فیستیڤاڵی نەهێشتنی توندوتیژی هەولێردا کرد، لە سەروبەندی سێیەم فیستیڤاڵی توندوتیژی دژ بە مێینە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵیدا ساز کرد.

• لە ماوەی کارکردنتدا لە بواری سینەما، چ زانیاری و ئاشنایەتییەکت دەربارەی سینەمای کوردی هەیە؟

ـ ئاشنایەتی من لەگەڵ سینەمای کوردی بۆ ئەو فیستیڤاڵانە دەگەڕێتەوە کە بەشداریم تێیدا کردووە، هەر لە رێگای ئەو فیستیڤاڵانەوە چەند سینەماکارێکی کوردی بە توانام ناسیوە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی تا رادەیەك شارەزاییم هەبێت لەسەر فیلم و سینەمای کوردی و فیستیڤاڵی دهۆکیش ئەم پێوەندییەی منی لەگەڵ سینەماکارانی کورد وای کرد زیاتر ئاشنا بم و زانیاری زیاتریشم دەستکەوێت، چونکە هەر لەو فیستیڤاڵەدا بوو ژمارەیەکی زۆر فیلمی کوردیم بینی.

• لە بواری سینەما لەگەڵ کێ لە سینەماکارە کوردەکان کارت کردووە و کاری کامیانت زیاتر بە دڵە؟

ـ لەبەر ئەوەی وەکو کار لەگەڵ هیچ سینەماکارێکی کورد راستەوخۆ کارم نەکردووە، بۆیە ناتوانم بڵێم کامیان ئاستی لەئەوانی دیکە بەرزترە، یان کاری یەکیان خراپە، بەڵام دەتوانم لە بەشەکان دەستنیشانی باش و خراپەکان بکەم. بۆ نموونە دەتوانم بڵێم یەکیان لە بەشی سیناریۆ زۆر باشە، بەداخەوە تا ئێستا ئەو دەرفەتەم بۆ نەرەخساوە لەگەڵ سینەماکارانی کورد کار بکەم و هیوادارم لە دوارۆژدا بتوانین هاوکاری یەکتر بکەین.

• ئەی سەبارەت بە سینەماکارە جیهانی و ئێرانییەکان بە کامیان سەرسامی و کاریگەری زیاتری بەسەر کارەکانتەوە هەبووە ؟

ـ پێموایە ئەمە پرسیارێکی زۆر سەختە بەتایبەتی بۆ من و ناتوانم بڵێم کامیان باشە یان خراپە، چونکە نیگا و دیدەکان جیاوازن ئەگەر کارەکانیان بە گشتی بەراورد بکەین رەنگە لە کۆتاییدا بگەینە ئەو ئەنجامەی کە کارە باش و خراپەکان جیا بکەینەوە، من دەڵێم لە بەشی سیناریۆدا کارەکانی کامپۆزیای پەرزەوی زۆر جوانن، چونکە لە بەشەدا دیدێکی جوان و جیاوازی هەیە و لە کارەکانیدا ئەمە بە روونی هەستی پێدەکرێت، بە هەمان شێوە ئەسغەر فەرهادی کە سینەماکارێکی ئێرانییە ئەویش دیدێکی جوانی هەیە بۆ رووداوەکانی فیلمەکان و بەشێوەیەکی زۆر سەرکەوتوو بە بینەری دەگەیەنێت، هەروەها کارەکانی عەباسی کیارۆستەمی لەلای منەوە زۆر جوان و سەرکەوتوون، هەرچەندە سینەماش زمانێکی جیهانییە و زۆر شتی هاوبەش هەیە لە سینەمای هەموو نەتەوەکاندا، بەڵام لەبەر ئەوەی عەباسی کیارۆستەمی لە نەتەوەی من نییە بۆیە ناتوانم وەك دەرهێنەرە ئێرانییەکانی تر زیاتر رووبچمە نێو کارەکانییەوە وەك سینەماکارە ئێرانییەکان.

• ئایا سینەما دەتوانێت پەیامێك بێت بۆ گەیاندنی واقعی کۆمەڵایەتی بەتایبەتی لە کۆمەڵگا رۆژهەڵاتییەکان وەکو کێشەکانی بێکاری و یەکسانی و توندوتیژی؟


ـ وەك ئافرەت من بە ئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم کێشە و گرفتەکانی خۆم نیشانی خەڵك بدەم، بۆیە هەوڵمداوە ئەوەی لە ناخی مندایە و کێشەی بەردەوامی ئافرەتانی رۆژهەڵاتە بە زمانی سینەما روونی بکەمەوە و هێڵە گشتییەکانی چارەسەر کردنیشی بۆ دابنێم، بەڵام بیرمان نەچێت لە کۆمەڵگایەك کە هێشتا ئافرەت بە کێشە دادەنرێت و لە زۆر لایەنەکانی ژیانی تەنانەت بەچاوێکی یەکسانیش سەیری ناکرێت، ئەم هەوڵ و کارانەی من و چەندانی دیکەی هاوشێوەی من دیسان رووبەرووی ئاستەنگ دەبێتەوە، چونکە ئەگەر یەکسانی هەبێت لەنێوان من و پیاودا پێویست بەوە ناکات من لە کارێکی سینەماییدا کێشەی یەکسانی نێوان پیاو و ئافرەت باس بکەم، بەڵام لە کۆمەڵگایەکدا کە یەکسانی نەبێت بێگومان باس کردنی ئەو نایەکسانییەش دیسان دەبێتە مایەی گرفت و ئاستەنگ لەبەردەممدا، ئەگەر دەرهێنەرێکی پیاو باس لە نەبوونی یەکسانی بکا رەنگە تا رادەیەك کارەکەی ئاسانتر بێت، بەڵام ئەویش لە دیدگای خۆیەوە باس دەکات کە بێگومان جیاوازە لە دیدگای من یان هەر ئافرەتێکی دیکە.


• لەو فیلمە کوردیانەی کە لە هەولێر و دهۆك و لە ئێرانیش بینیوتە چ شتێك زیاتر سەرنجی راکێشاوی ؟

ـ کوردستان پڕاوپڕە لە دراما و تراژیدیا لەوانە کێشەی یەکسانی جەندەری، ئەگەرییێتو ئەم کێشانە بەشێوەیەکی جوان لە سینەمادا تەوزیف بکرێت بەتایبەتی لە بەشی نووسینی سیناریۆوە، من دڵنیام کاری زۆر جوان و ئاست بەرز بەرهەم دەهێنرێت، بەڵام ئەوەی زۆر پێویستە لێرەدا لەبەر چاو بگیرێت ئەوەیە کە دەبێ بە دیدگایەکی سینەمایی کراوەتر بڕوانرێتە ئەو کارانە و سوودی باش لەو تراژیدیانە وەربگیرێت و راوێژ بە سینەماکارانی نەتەوەکانی تریش بکرێت بەتایبەتی ئەوانەی کە لە زۆر رووەوە لە کوردەوە نزیکن.

• ئەی کەموکوڕیەکانی سینەمای کوردی چین کە هەستت پێکردووە؟

ـ ئەوەی کە من هەستم پێکردووە کەسانی زۆر سەرکەوتوو لە سینەمای کوردیدا هەن کە توانا و حەزی کارکردنیان هەیە و دەتوانم بەشی مۆنتاژی فیلمە کوردییەکان وەکو بەڵگەی سەرکەوتن و نموونە بۆ قسەکانم بهێنمەوە، هەروەها پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە سینەماکاران لە کوردستان ئازادییەکی زۆریان هەیە







# ـــــــــاری سینەماش بۆ ئافرەت ئاسان نییە



و دەتوانن دەست بەرن بۆ هەر مەسەلەیەك كە پێیانوابێت پێویستی بەپێچەوانەی ئێمە كە دەستمان لە زۆر شتدا بەستراوە و سنووردارە تەنانەت ناتوانین هەر باسیشـــیان بكەین، بۆیە ئەگەر هەندێك هێزو و توانای زیاتر بەكار بهێنن لەو كار و كێشـــانەی كە لـــە كۆمەڵگادا هەن دەتوانن باشـــترین كار ئەنجام بدەن، بەشێوەیەكی گشتی دەڵێم ئەگەر لەلایەنێكیش گرفت و كەموكوڕی هەبێت ئەوا بە خوێندن و خۆ پەروەردە كردن و فێربوون لە ئەزموونی سینەمای وڵاتان بەسەر ئەم كەموكوڕیانەشدا زاڵ بین.


● لەو رووەوە چۆن بتوانین ســـوود لە ئەزموونی ئێران وەربگرین؟

– دەتوانن كەســـانی شارەزا و پســـپۆر لە هەموو بەشـــەكانی ســـینەما بهێننە كوردستان بۆ ئەوەی وانە بڵێنەوە، بەڵام وا باشـــترە وانەكان بەشێوەی وۆرك شـــۆپ بێتـــن بێگومان هەر نەتەوەیەك كـــە لـــە ســـەرەتای بونیادنانی سینەمای خۆی بێت پێویســـتی بە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی دیكە دەبێـــت كە چەند هەنگاوێك لە پێشەوەی بن.

## ئەلیزابێش
## لە (گۆدزیلا)دا بەشدارە

دوور لــە چاوەڕوانییەکان لە نوێترین بەشــی فیلمی (گۆدزیلا)دا کــە یەکێکە لە فیلمە پڕ جەماوەرییەکان، خانمە ئەکتەری ئەمریکی ئەلیزابێس ئۆلسۆن بەشداری کردنی خۆی لەو فیلمەدا دووپات کردەوە.

ئۆلســۆنی خوشــکی بچووکی هەردوو ئەســتێرەی ســینەمایی کاری کایت و ئاشــلی ئۆلسن لە میانەی دابەشکردنی خەڵاتەکانی (بافتا) ئەم هەواڵەی راگەیاند، لەم بارەیەوە ماڵپەڕی (شۆ بیز)ی هونەری لەسەر زاری ئۆلســن رایگەیاند کە لە بەهاری ئەم ســاڵدا بەشداری لە بەشــی نوێی ئەم فیلمەدا دەکات و لە ئێستاوە خۆی ئامادە دەکات بۆ کار کردن لەســەری، ئۆلسن ئاماژەی بەوەش کرد کە بەشــی نوێی ئــەم فیلمە زۆر جیاوازتر دەبێت و ســیناریۆکەی زیاتر درامییە بە بەراورد لەگەڵ بەشەکەی پێشووی.





## نەبیلە عوبێد پرۆژەکانی دواخستووە

ئەستێرەی ســینەمای میســری نەبیلە عوبێد رایگەیاند کە هەموو کارە هونەرییەکانی خۆی راگرتووە تا ئەو کاتەی بارودۆخی میسر ســەقامگیر دەبێت، هەرچەندە ئێســتا چەند سیناریۆیەکی پێشکەش کراوە و زۆریشی خوێندۆتەوە.


نەبیلە پێی وایە ئێستا میسر بە بارودۆخێکی ناخۆشدا تێدەپەڕێت و پێویستە ئەو (خەمۆکی)یەی هەیە نەمێنێت، ئینجا دەست بە پرۆژە هونەرییەکانــی خۆی دەکاتەوە، نەبیلە لە میانەی دیمانەیەکیدا بۆ


# کوڕەکەی باسکال چی بەبیر هێنایەوە؟

هاوسەرگیری مەدەنیم پێ باشترە، هەرچەندە من ئافرەتێکی دیندارم و بەردەوامم لە نوێژکردن و سەردانی کردنی کەنیسەم، ئەمە قسەی خانمە گۆرانیبێژی لوبنانی باسکال مەشعەلانی بووە سەبارەت بە پەیوەندی لەگەڵ هاوسەرەکەی.

باسکال دووپاتی کردەوە کە پێوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ هاوسەرەکەیدا هەیە، بەڵام وای بە باش زانی بە ڕێگای مەدەنی هاوسەرگیری بکەن، چونکە سەربەخۆ دەبم لە جیابوونەوە بەشێوەیەکی زۆر ئاسان و پێی وایە ئەگەر ڕۆژێک ناچار بێت داوای تەڵاق بکات ئەوا تووشی گرفتی زۆر نابێتەوە، بە پێچەوانەوە لەوانەیە چەندین ساڵی بوێت تاکو تەڵاقی دەستکەوێت ئەگەر گرفت و ناکۆکیشی هەبێت لە ژیانی هاوسەرێتیدا، بە دووریشی نازانم ڕۆژێک لە ڕۆژان پێوەندییەکەمان لە کەنیسە بکەم.

لەلایەکی دیکەوە باسکال ئاشکرای کرد کاتێک بینی ملحەم ئەبو شەدیدی هاوسەری یاری لەگەڵ کوڕەکەیان دەکات، ئەو کات بۆ یەکەمجار لە ژیانی هەستی بە سۆز و خۆشەویستیی باوک کرد، چونکە من زۆر بچووک بووم کاتێک باوکم کۆچی دوایی کرد.






## (لینکۆڵن)
## هەڵەیەکی مێژوویی تێدایە

نووسەری سیناریۆی فیلمی (لینکۆڵن) کە پاڵێوراوە بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتی ئۆسکار، داوای لێبوردنی کرد بەهۆی هەڵەیەکی مێژوویی کە ماوەکەی ١٥ چرکە دەبێت لە فیلمەکەدا هەیە، ئەمەش دوای تێبینییەکانی نوێنەرێکی ویلایەتی کۆنێتیکت.

تۆنی کۆشنەری سیناریۆنووسی فیلمەکە لە نامەیەکدا کە گشتێنراوە دانی بەوەدا نا کە هەڵەیەک لە دیمەنێکی فیلمەکەدا بووە کە بۆ ساڵی ١٨٦٥ دەگەڕێتەوە کاتێک دوو نوێنەری ویلایەتی کۆنێتیکت دەنگ دەدەن دژی یاسایەک بۆ نەهێشتنی کۆیلایەتی ئەمەش وایکرد کە هەموو دانیشتووانی کۆنێتیکت هەست بە شەرمەزاری بکەن لە ماوەی چرکەیەکدا، چونکە ئەم دیمەنانە بۆ هەمیشە دەمێننەوە و دوور نییە لە زۆر شوێن وەک سەرچاوە سوودی لێ وەربگیرێت لە کاتێکدا ڕووداوەکە بەو شێوەیە نەبووە، ئەم دیمەنە وایکرد جۆ کۆرتنی نوێنەری ویلایەتی کۆنێتیکت ناڕەزایی دەربڕی دژی ئەو دیمەنە و گوتی : لە جیاتی ئەوەی دوو ئەندام دەنگ دژی ئەو یاسایە بدەن، چوار ئەندامی ئەم ویلایەتە دەنگیان دا بۆ یاسای نەهێشتنی کۆیلایەتی.

تۆنی ئاماژەی بەوە کرد ئەم ١٥ چرکەیە کاریگەرییەکی زۆری بەسەر ڕێڕەوی مێژوویی فیلمەکە نابێت، چونکە بەر لەوەی فیلمەکە بە سیدی بڵاوبکرێتەوە ئەم دیمەنەمان چاککردووە و ناوی کەسەکانیشمان گۆڕیوە، شایەنی باسە فیلمەکە لە دەرهێنانی ستیڤان سپیلبیرگە و باس لەو مشتومڕە دەکات کە لەسەردەمی سەرۆک لینکۆڵن لە ئارادا بوو سەبارەت بە کێشەی نەهێشتنی کۆیلایەتی لە ئەمریکا.

گۆڤاری (الیوم السابع) گوتی: ئێستا هەموو بایەخی خۆم داوەتە چاودێری کردنی بارودۆخی ناوخۆی میسر بۆ ئەوەی دڵنیا بم لە وڵاتەکەمدا چی ڕوودەدات و بەرەو کوێ دەچێت و چارەنووسی چی دەبێت، چونکە ناکرێ ئێمە خەریکی کاری هونەری بین و خەڵکیش لە بارودۆخێکی ناهەمواردا بژیێت لە کاتێکدا هونەر و کاری ئێمە بۆ ئەو خەڵکە خۆشەویستەیە کە زۆریان جەماوەری ئێمەن.



# هەڵسەنگاندنی ئەکتەرانی تورک





پرۆفیسۆر نازم دۆراك كە بە بەناوبانگترین پزیشكی جوانكاری توركیا و ئەورووپا دەناسرێت ئەكتەرە ناودارەكانی توركیا وەسف دەكات لەلایەنی جوانییەوە بەتایبەتی ئەوانەی خاوەن جەماوەرێكی زۆرن و ناوبانگیان هەیە. هەروەها باسی نهێنییەكانی جوانی ئافرەت دەكات و جەختیشی لەسەر ئەوە كردەوە كە پێویستە ئافرەت هەوڵ بدات هەموو جوانیی خۆی دەربخات و دەڵێت: زۆر ئافرەت هەن كە لە رووخساردا زۆر جوان نین، بەڵام وزەیەكیان هەیە لە ناخیاندا كەوا دەكات زیاتر جوان دەربكەون، ئەوەشی ئاشكرا كرد كە وەرزشی زۆر سوودی زۆرترە لە وەرزشێكی زیاد لە پێویست، چونكە ئەم جۆرە وەرزشە دەبێتە هۆی ئەوەی جوانی چاوەكانیان لە دەست بدەن.

## فیلمی بێکەس بە ئامادەبوونی ستافەکەی نمایش دەکرێت

بەڕێوبەرایەتیی سینەمای هەولێر ڕۆژی ٢٧ ی ئەم مانگە بۆ یەکەم جار لە کوردستان لە هۆڵی سینەمای ڕۆیال مۆڵ فیلمی (بێکەس) نمایش دەکات.

لەم بارەیەوە سەرچاوەیەك لە بەڕێوبەرایەتیی سینەمای هەولێر ڕایگەیاند بۆ یەکەم جار لە کوردستان بڕیار وایە لە ڕۆژی ٢٧ی ئەم مانگە فیلمی بلندی (بێکەس) لە هۆڵی سینەمای ڕۆیال مۆڵ بە ئامادەبوونی ستافەکەیەوە نمایش بکرێت، سەرەتای نمایشەکە هاتن بۆ هەموو سینەماخوازانە، هەروەها نمایشێکی تایبەتیش بۆ میدیا و هونەرمەندان دەبێت و ڕۆژانی دواتریش بەردەوام دەبێت.

شایەنی باسە فیلمی (بێکەس) لە دەرهێنانی کارزان قادر و بەرهەمی کۆمپانیایەکی نەرویجییە.




## نازدار سەرقاڵی کاری نوێیە

دوای ئەوەی بەر لە ساڵێك بەرهەمێکی نوێ و چەند کلیپێکی بڵاوکردەوە، خانمە گۆرانیبێژی نازدار خەریکی کار کردنە لەسەر چەند بەرهەمێکی نوێ.

لەم بارەیەوە نازدار جزیری ڕایگەیاند کەوا لە خۆ ئامادە کردندایە بۆ بەرهەمی نوێ و ئێستا کاری لەسەر دەکات، بێ ئەوەی ناو و زانیاری ورد دەربارەی بەرهەمە نوێیەکەی ئاشکرا بکات.

لەلایەکی دیکەوە نازدار ئاشکرای کرد کە حەز دەکات لە نزیکەوە ئاگاداری جەماوەرەکەی بێت و بۆ ئەم مەبەستە پەیجێکی تایبەتی لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی فایسبوك کردۆتەوە بۆ ئەوەی نوێترین هەواڵ و چالاکیەکانی بە جەماوەر ڕابگەیەنێت و لە نزیکەوە ئاگاداری بن و پەیوەندییان بەردەوام بێت، بۆیە جەماوەرەکەی لە ڕێگای ئەم لینکەوە دەتوانن نوێترین کارو چالاکیەکانی بخوێننەوە:

http://www.facebook.com/pages/Nazdar-Nazdar/544266365591854





نازم سەبارەت بە بەناوبانگترین ئافرەتە ئەکتەرەکانی تورکیا بەم شێوەیە باسی کردن:

نەبەهات جەهری (سولتانەی دایك): هیچ نەشتەرگەرییەکی جوانکاری ئەنجام نەداوە، بەڵام وزەیەکی زۆری هەیە کە جوانیی پێدەبەخشێت، هەمیشە لە نوێبوونەوەدایە و ئافرەتێکی کلاسیکی نییە.

نور فاتح ئۆغلۆ (سولتانە ناهد دۆران) دەمی زۆر گەورەیە.

تۆبا بیوکستۆن (لەمیس): مێیەکی کامڵی بێ کەموکوڕی و زۆریش سەرنجڕاکێشە.

بیرین سات (فاتیمە): بە هیچ شێوەیەك سەرنجڕاکێش نییە، ئەم هەڵسەنگاندنەی نازم بۆ تۆبا جەماوەرەکەی تووشی شۆك کرد، چونکە بە سیمبولی جوانی و سەرنجڕاکێشی دەزانن و بەوە ناسراوە کە تا ئێستا هیچ نەشتەرگەریی جوانکاری ئەنجام نەداوە و زۆر بە کەمی مکیاژیش بەکاردەهێنێت، سەرەڕای ئەمەش زۆر بە جوانی دەردەکەوێت لە کارە هونەرییەکانیدا.

سەلما ئارجش (سولتانە خەدیجە): وزەیەکی زۆر جوانی هەیە کە لە دەوروبەریشیدا ڕەنگ دەداتەوە.

نۆرگول یەشلشای (یاسمین): خاوەن رووخسار و سیمایەکی زۆر جوان و دوو چاوی سەرنجڕاکێشە..